# چەند سەرنجێک لە پەراوێزی بۆچوونەکانی کاک زاهیر باهیردا!



## بۆچی گروپە لۆکاڵییەکان زەرورین؟

کاک زاهیر باهیر، بابەتێکی لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و چەند سایتێکدا بڵاوکردوەتەوە لە ژێر تایتڵی(بۆچی گروپە لۆکاڵییەکان زەرورین؟).   http://hawpshti.com/kurdi/babeti_gshti/8152.html وتارەکەی کاک زاهیر.

لەبەر ئەوەی بابەتەکە زۆر گرنگە لە ڕووی سیاسیی و سۆسیۆلۆگییەوە، بە تایبەتی لەم کاتەدا کە بەهاری عارەبی چەند وڵاتێکی عەرەبی گرتوەتەوە و پار ساڵیش لە ماوەی 62 ڕۆژدا هەوڵێکی وا درا لە کوردستانی خۆماندا، کە باداخەوە بوە مایەی گیان لە دەستدانی چەندین گەنج و بریندار بوونی دەیان کەس و گرتن و ئەشکەنجەدان و سوکاتیەتیش تا ئیستا لە لایەن دەسەڵاتی بە ناو دیموکراتیی کوردستانەوە بەردەوامە. بۆیە لام باشبوو کە هەندێک سەرنجی خۆمی لەسەر بدەم و هیواداریشم ئەم بابەتە ببێت بە تەوەری وتووێژێکی باش لە نێو ئەو خوێنەر و ڕۆشنبیرانەی کە ئەم پرسەیان بەلاوە گرنگە.

لە گەڵ ئەوەی بابەتەکەی کاک زاهیر قسە لەسەر گروپە لۆکاڵییەکانی کۆمەڵی کوردستان دەکات. من گروپە لۆکاڵیەکان بە هەردوو مەبەست، یان بە هەردوو مانای گروپە لۆکاڵیەکانی نێو یەک کۆمەڵ و هەموو کۆمەڵە جیاوازەکان دەخوێنمەوە، بە مەبەستی دەربڕینی سەرنجەکانی خۆم لەسەر بابەتەکە و قوڵبوونەوە و فراوانکردنی تەوەرەکانی نێو بابەتەکە. هەڵبەت ئەوەش بۆیە دەکەم کە هەموومان دەزانین کۆمەڵی کوردستان بە دەیان ڕایەڵ بەستراوەتەوە بە کۆمەڵ و گروپەکانی جیهانەوە، بە تایبەتی لەم سەردەمدا کە گەشەی تەکنۆلۆژیا و خێرایی کۆمینیکەیشن کارێکی کردوە کە بە ئان و ساستێک ڕووداوەکان نەک هەر دەگەنە هەموو سوچێکی جیهان بەڵکو کاریگەرییشیان لەسەری دەبێت، ئەم دیاردەیە کە ناودەبرێت بە جیهانگیریی و بچووک بوونەوەی جیهان بۆ گوندێک، کە سیستەمی کەپیتالیزم بە هەموو فۆرمە جیاوازەکانییەوە لەم  گوندەدا  لقوپۆپی هەیە و دەستی تێوەردەدات، واتە بە چاک و خراپێوە هاوبەشە تیاییدا، ئەوەش بە گوێرەی بەرژەوەندییە چاوچنۆکییەکانی خۆی و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی.

سەرەتا، دەبێت هەمووما بزانین ئەوە گەشە و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان بوون کە جیاوازییان دروستکردوە و سنوریان داناوە لە نێوان جفاتە جیاوازەکانی ئەم جیهانەدا، جفاتەکان لە ڕووی گەشی ئابووریی و سۆسیۆلۆگیی وسیاسیی و فەرهەنگییەوە جیاوازن، ئەم جیاوازیانەش بە زەقی لە نێوان جفاتە ئەورووپیی و ئامریکی و ئوستراللییەکان لە لایک و لە لایکی تر ڕۆژهەڵاتیی و ئیسلامیی و زۆرێک لە جفاتە ئاسیاییەکان دەبینرێت.  شتێکی گومان هەڵنەگرە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا کە زۆرێک لەو جفاتە جیاوازانەی کە ئێستا هەن، یان لە دێرزەمانەوە هەبوون، کە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ لەمەوبەر جفاتگەلێک بوون بێ ئاگابوون لە یەکتری، دابڕان هەبووە لە نێوانیاندا، دوور بوون لە یەکتری، بۆیە هەر کۆمەڵەو گروپێک لە هەرشوێنێکی ئەم سەرزمینەدا هەبووبێتن خۆیان بۆ خۆیان جیهانبینییەکی تایبەتیان بۆ خۆیان دروستکردوە، بە پێی سەلیقە و لێوردبوونەوەیان لە سروشت و ڕووداوە سروشتییەکان و خۆڕاگریی و خۆ ڕانەگرییان بەرامبەر بەو ڕووداوانە، جیهانبینییەکی تایبەتییان بۆ خۆیان دروستکردوە، ئیتر ئەم جیهانبینییە بووە بە کولتور(کەڵچەر) و سەپیوە بەسەریاندا.  لەبەر ئەوەی بێ ئاگا بوون لە جفاتەکانی تر، دووربوون لە یەکترییەوە، کۆمینکەیشن یان نەبووە یان زۆر لاواز بووە، بۆیە نەیانتوانییوە کەڵک لە یەکتری وەربگرن یان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووبێت.  دڵنیانشم هەر ئەم جیاوازییانەش بووە کە ئافسانە گەلێکی جیاوازی بۆ ئەو جفاتە جیاوازانە دروستکردوە، یان دینگەلێکی جیاوازیان هەبووە، مەبەست لە دینە کۆنەکانە، دیارە دینە ئاسمانییەکان کە دواتر هاتوون هەموویان نزیکن لە یەکترییەوە و سودیان لە یەکتری بینیوە.

لە سەردەمێکیشدا ئەگەر ئاگاداری یەکتری بووبێتن ژیانیان ئەوەی نەخواستوە کە کەڵک لە جیهانبینی یەکتری وەربگرن(دەتوانم بڵێم هەتا سەردەمی ئیمپراتۆرییەکانیش هەر وابووە)، یان ئەو ئاگاییەیان نەبووە کە وایان لێبکات هەوڵبدەن لە یەکتری تێبگەن و پێکەوە ژیانێکی باشتر دروستبکەن، هەر بۆیەش بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و بۆ سەپاندنی جیهانبینییە تایبەتەکەی خۆیان پەلاماری یەکتریان داوە و یەکتریان دگیرکردوە و ڕەنگە بە دەیان گروپ و جفاتی بەشەریی بەم هۆکارە فەوتابێتن.  دواتریش لەو مێژووەوە کە خۆمان، واتە کۆمەڵە و گروپی ئەم سەردەمە، ئاگادارێتی، ئەگەر کەڵکیش لە یەکتری

وەرگیرابێت ئەو سود و کەڵکە نەبووە بە هۆکارێک بۆ یەکخستنی هەموو کۆمەڵەو گروپەکان، ڕەنگە لێرەدا هۆکاری سەرەکی تەنیا چاوچنۆکیی و خۆسەپاندن نەبێت، بەڵکو لەگەڵ خەسڵەتی چاوچنۆکیی و خۆسەپاندنیشدا ڕەنگە هۆکاری گەشەو پەرەسەندنی زیاتری هەندێک لە گروپ و کۆمەڵەکان هاوبەشیکردبێت، واتە جیاوزییەکانی نێوانیان چ لە ڕووی زۆریی ژمارەوە، چ لە ڕووی گەشی ئابوورییەوە، چ لە ڕووی خێرایی پیاڕاگەیشتنیان بە کەرستە کانزاییەکانەوە. ئەم جیاوازییانە لە لایەک لە لایەکیتر ئەو جیهانبیینە تایبەتەی هەر جفاتێک لەوی دی کە وەک ئاماژەمان پێدا بووە بە کولتور(کەڵچەر)، دەقیان پێوە گرتوە و نەیانتوانییوە دەستبەرداریبن، بۆیە بۆ پاراستنی ئەم جیاوازییانە، پەلامار و هێرش و جەنگ دروستبووە لە نێوانیاندا، لێرەشەوە جفاتەکان گەورتر و بەربڵاوتر بوون لەسەر حسابی لاوازیی ئەوی دی، یان فەوتان و سڕینەوەی ئەوی دی.

بە هەرحاڵ من دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە جۆرێک لە چاوچنۆکیی و خۆسەپاندن هەرچی بێت هۆکارەکەی هەڵبەت بەدەر نییە لە هۆکاریی ماددیی و پاراستنی ئەفسانە و کولتوری تایبەتیی، ئەوە کارێکی کردوە کە ئەو جۆرە لە چاوچنۆکیی و خۆسەپاندنە بووبێت بە خۆڕسک لە مرۆڤەکاندا. ئا ئەمە کێشەی منە لێرەدا، چوونکە هەمیشە جاران من وا تێگەیشتبووم کە ئەوە قسەی سیستەمی سەرمایەدارییە کە ئەو بۆچوونەی چاندوە لە ناو خەڵکدا( کە مرۆڤەکان بە خۆڕسک چاوچنۆکن و دەیانەوێت خۆیان بسەپێنن)، وام دەزانی ئەمە قسەیەکی درۆزنانەی سیستەمی سەرمایەدارییە، یان ئەگەر ئەو خەسڵەتەش هەبێت لە نێو مرۆڤەکاندا ئەوە سیستەمی سەرمایەدارییە چاندویەتی، بەڵام ئەمڕۆ خۆم گەیشتومەتە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا و بە خۆڕسکی چاوچنۆک و خۆ سەپێنەرە!. هەڵبەت بەو بە ئاگاییەوە کە دەزانم و ئیدراکی ئەوەم هەیە، ئەم چاوچنۆکییە خۆڕسکییە ڕیشەکەی ناگەڕێتەوە بۆ سروشتی سەرەتایی مرۆڤ، واتە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە دێرینەی کە مرۆڤەکان بە کۆمەل وەک ئاژاڵ لە شاخ و کێو و دەشتەکاندا لەسەر بەروبوومی درەخت و گژوگیای خۆرسک ژیاون، یان لەسەر راووشکار ژیاون، بەڵام وردە وردە و بە دەیان هەزارا ساڵ ئەم چاوجنۆکیی و خۆسەپاندنە بووە بە خۆرسک لە مرۆڤدا، بە تایبەتی کاتێک کە شارستانێتە جیاوازەکان، ئافسانە جیاوازەکان، کولتورە جیاوازەکان دروستبوون، وەک چۆن هەندێک کەس ناوی دەبات بە گورگەکەی ناو ناخی مرۆڤ، کە سەرچاوەیە بۆ هێرش و پەلامار و کوشتن و بڕین لە پێناوی تێرکردنی حەزو ئارەزوە خۆڕسکیەکاندا وەک خواردن و خواردنەوە و سێکس و دیسان خۆ سەپاندن، لای من ئەم گورگە بووە بە خۆڕسک لە نێو مرۆڤەکاندا.

بۆیە من تایتڵی بابەتەکەم پێ باش نییە چوونکە گروپە لۆکاڵییەکان خۆیان هەن و لە دێرزەمانەوە خۆیان سەپاندوە، دەبوایە تایتڵەکە بە جۆرێک بوایە کە تەواو ڕوون بووایە کە مەبەست لە گروپگەلێکی نێو یەک جفاتە، کەئەویش جفاتی کوردستانە.

ئا لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەو گروپە لۆکاڵیانەی کە لە ناو کۆمەڵەیەکدا نوسینەکەی کاک زاهیر، یان تایتڵی نوسینەکە مەبەستێتی، لای من وایە کە هەمان گروپە لۆکاڵیەکانی ناو کۆمەڵەیەک ( بە نوموونە گروپە لۆکاڵیەکانی لەمەر خۆمان واتە کوردستان) درێژ بوەوەی هەمان گروپە لۆکالییەکانی جیهانە، واتە هەموو گروپە لۆکاڵییەکانی جیهان یان کۆمەڵەکانی جیهان لە هەمان خەسڵەتدا هاوبەشن، گروپە لۆکاڵیەکان ئەگەر بە کۆمەڵە جیاوازەکان دایان بنێین، یان ئەگەر مەبەستمان لە گروپە لۆکاڵیەکانی نێوان یەک کۆمەڵ بێت هەموویان هاوبەشن لەیەک خەسڵەتی کۆمەڵایەتییدا، ئەویش ئەو چاوچنۆکیی و خۆسەپاندنە خۆرسکییەیە کە لە ناو خودی مرۆڤدا لە دێرزەمانەوە چێنراوە، واتە لەو سەردەمەوە کە دابەشکردنی کار دروستبووە، ئەم خەسڵەتە بوەتە هۆکاریی دژایەتیی و ناکۆکیی لە نێوان مرۆڤەکانی یەک کۆمەڵدا و دیسان لە نێوان کۆمەڵە جیاوازەکانی جیهاندا، هەر ئەم ناکۆکیی و دژایەتیەش بووە کە بوەتە هۆکاری خەبات و تێکۆشانی هەر گروپێک، یان هەر کۆمەڵەیەک بۆ زیاتر پێشکەوتن و چوونە پێشەوە بە مەبەستی تێرکردنی چاوچنۆکیی خۆی و خۆ سەپاندنی بەسەر ئەوی تردا، واتە ئەمە ناکۆکییەکی سەرەکیی بووە بۆ پێشکەوتنی بەردەوامی کۆمەڵەکانی جیهان، هەڵبەت ئەم ناکۆکییە وردە وردە گەیشتۆتە دروستبوونی چینە جیاوازەکان، ئەم چینانەش بۆ خۆیان بە پێی بەرژەوەندی خۆیان هەوڵیان داوە نەچەوسێنەوە و نەفەوتێن، باشترین چەکیش بۆ نەچەوسانەوە و نەفەوتاندن خۆ سەپاندنە، یان سپاندنی جیهانبینییە تایبەتییەکانی چینەکانە بەرامبەر بەیەکتری. سەرماەیداریی دەڵێت، مرۆڤایەتی لای منەوە دەستپێدەکات و تەنیا لە ژێر حوکمڕانی لیبراڵیەت و دیموکراتیەتەکەی مندا فەراهەم دەبێت. سۆسیالیستیش دەڵێت، مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی و دادپەروەیی تەنیا لە سیستەمەکەی مندایە. لێرەدا خەباتی چیانیەتی دروست بووە، بۆ هەرچینێکیش دەیان ڕۆشنبیر و بیرمەند و فەیلەسوف دروست بووە، واتە خەباتەکانیان بووە بە ئایدیا و فەلسەفە و تیۆرگەلێک. هەرچینەو هەوڵیداوە ئەو تیۆرگەل وئایدیایەی خۆی بسەپێنێت و پراکتیزەی بکات بەسەر هەموو گروپەکاندا، چ لەسەر ئاستی یەک کۆمەڵ چ لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵەکان. بە نموونە سیستەمی سەرمایەداریی و سیستەمی سۆسیالیستی هەردووکیان ئەوەیان خواستوە کە هەموو جیهان بخنە ژێر ڕکێفی سیستەمەکەی خۆیانەوە، جا کاملا باشترین میکانیزمی بەکارهێنابێت هەڵبەتە ئەو لایەنە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، وەک دەبینین ئەمڕۆ سەرمایەداریی سەرکەوتنی تەواوی بەدەستهیناوە(مەبستم لە سەرکەوتنێکی ڕەها نییە). دەشبێت ئەوە بزانین و ئیدراکی ئەوەمان هەبێت مەسەلەکە هەر بەکارهێنانی میکانیزمە باشەکان نییە کە سەرکەوتنی بۆ سیستەمی سەرمایەداریی مسۆگەر کردوە، بەڵکو ئەو زەوینە خۆشەیە کە بۆ سەرمایەداری زیاتر لە سیستەمی سۆسیالیستی ڕەخساوترە، ئەو زەمینەش

بە ڕای من ئەو خەسڵەتی چاوچنۆکیی و خۆسپاندنەیە کە لە ناو ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، سیستەمی سەرمایەداریی کاری لەسەر ئەوە کردوە و ویستویەتی ئەو خەسڵەتە گەشە پێبدات لە ناو ناخی مرۆڤدا، لێرەوەیە کە سیستەمی سەرمایەداریی بەرپرسە لە هەموو جەنگەکان، لە هەموو خوێنڕشتن و کوشتن وبڕین و ستەم و زوڵم و زۆرێک کە دکرێت لە جیهاندا، دیسان هەر ئەویش بەرپرسە لە نادادپەروەریی و نا یەکسانی و گەشەی دین و جەنگی دین و شارستانیەت، هەتا ئەم جەنگانە و ئەم نادادپەروەرییە بەردەوام بێت سیستەمی سەرمایەداریش بەردەوام دەبێت، هەتا خەسڵەتی چاوچنۆکی و خۆسەپاندن لەو یەکەیەوە کە خیزانە بەردەوامبێت، سەرمایەدارییش بەردەوام دەبێت، بە واتایەکی تر ئەو خەسڵەتە دزێو و ناشیرینە زەویی و بەراوێکی بە پیت و بەرەکەتە بۆ بەردەوامیی سیستەمی سەرمایەداریی . کێشەی من لێرەدا ئەوەیە لەگەڵ ئەم نووسینەی زاهیردا، کە زاهیر ئەم مەسەلەیەی فەرامۆش کردوە و بەلایدا ناچیت، کاتێکیش بەلایدا نەچاێت، ئەم هەوڵەی زاهیر بۆ خەباتی گروپەکان و بنی بنەوەی کۆمەڵ کە یەکەی خێزانە، دەبێت بە خەون و خەیاڵێک و جێبەجێناکرێت، چوونکە هەمووومان دەزانین کە مرۆڤ دامەزرێنەر و پێکهاتەی سەرەکی خێزان و کۆمەڵە، کێشەکەش مرۆڤ خۆیەتی کە زۆر زەحمەتە ببێت بە مرۆڤێکی یەکسانی خوازو دادپەروەر، مرۆڤەکان لە کۆمەڵەی ئێمەدا دینیین، چاوچنۆکن، خۆسەپێنەرن، دڵڕەقن، بکوژن، نا یەکسانن، ئەو جۆرە مرۆڤەن کە بوون بە ئامرازی دەستی سیستەمی سەرمایەداریی، بە ئاسانی بازنەکانی ئەم سیستەمە دەتوانێت کاریان تێبکات، هەڵیاندەسوڕێنێت، بەکاریاندهێنێت و بەکاریاندەبات.

لەسەر مەسەلەی ناوەڕۆکی بابەتەکە، هەموو ئەو شتانەی کە باسکراوە، کە هەمیشە کۆمەڵەکانی جیهان خەریکی خەباتکردن و هەوڵێکن بۆ گۆڕان و بەڵام گۆرانیان پێناکرێت، هەرچی گۆرانێکییان پێبکرێت دەچێتەوە خزمەتی وەبەرهێنانەوەی سیستەمی سەرمایەداری، ئەگەر زاهیر قایل بێت بەو پێشەکییەی کە من نووسیومە لەسەر تایتڵەکە ئەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە سیستەمی سەرمایەداریی جۆرێکە لە پێشکەوتن و گەشەی قۆناغەکانی کۆمەڵایەتیی و ئەو قۆناغەی کە هەموو کۆمەڵەکانی جیهان تەواو لەیەک نزیک بوونەتەوە و پێشکەوتن و گەشەی تەکنۆلۆژیا و جیهانگیریی بووەتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ خێرایی کۆمینیکەیشن و یەک ناسین و دۆزینەوەی یەکتری و بەریەکەوتنی کولتورە جیاوازەکان و کەڵک وەرگرتن لە یەکتریی. لەم لەیەک نزیک بوونەوە و بەریەککەوتنانەشدا هەڵبەت کولتوری کۆمەڵە پێشکەوتوەکان سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە کە خۆی بهێڵێتەوە و گەشەی زیاتر بکات و کولتورەکانی تر ئەگەر نەفەوتابێتن بە تەواوەتی، بەڵام خڵتە زۆر ناشیرین و خراپەکەی ماوەتەوە.

ئەوەش لەبەر ئەوەی کە موحافزکارانی ناو کۆمەڵە دواکەوتوەکان هەمیشە پێیان لەسەر خراپترین و دزێوترین کولتور داگرتوە، چوونکە دەقیان پێوە گرتوە و بووە بە کولتورێک کە ناتوانن وازی لێبهێنن و بووە بە ڕۆحی کۆمەڵ، ئەم ڕۆحە دین پشتیوانی زۆری لێکردوە، چوونکە دین بۆ خۆی لە ناو ئەو زەلکاوەدا دەژی، لە لایەکی تریش کۆمەڵە پێشەکەوتوەکان کە ئامرازی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایان بە دەستەوەیە، کە بەرهەمهێنەری بەرهەمە پیشەسازییە گرنگەکانن لە ژیانی مرۆڤدا، وەک فرۆکە و شەمەندەفەر و ئوتومبیل و دەرهێنانی ئاسان و توانەوەیی و دەرهێنانی نەوت کە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەی وزە تا ئەمرۆ و دروستکردنی کوتاڵو خواردن و خواردنەوەی لە قوتوکراو و ئامادەکراو بۆ چەندین مانگ کە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگاتە هەموو سوچێکی جیهان، بە هەرحاڵ هەموو شتومەکە زەروورییەکان بەدەست کۆمەڵە دەوڵەمەندەکانەوەیە، بۆیە ئەمانیش ئەو سیستەمەن کە بۆ خۆسپاندنی خۆیان لەگەڵ موحافزکاران و دیندا یەکیان گرتوە بۆ زیاتر سەپاندنی ئەو کولتورە دواکەوتوو و ڕزیوەی کە لە ناو کۆمەڵە دواکەوتوەکاندا زیاتر و زیاتر خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. واتە بە هەرسێ لایان، سیستەمی سەرمایەداریی و دین و موحافزکاران رۆحی کۆمەڵە دواکەوتوەکان دروستدەکەن، هەڵبەت ئەم ڕۆحە لە پێش هەر یەکەیەکەوە خێزان دەگرێتەوە کە نووسینەکەی زاهیر داوای گۆرانی دەکات.

کەواتە کێشەی من لێرەدا لەگەڵ خودی مرۆڤدایە کە پێکهێنەری خێزانە، چوونکە ئەوە مرۆڤە کە بچوکترین و سەرەکیترین و ترسناکترین یەکەی ئەو خەسڵەتەیە کە باسم کرد( چاوچنۆکی و خۆسەپاندن)، ئەو خەسەڵەتەش لەبارترین و باشترین خاکی بەپیتە بۆ هەمیشە زیندووبوونی سیستەمی سەرمایەداریی. پرسیار ئەوەیە چۆن دەتوارێت مرۆڤەکان بگۆڕین؟ چۆن دەتوانینن مرۆڤ گەلێک بهێنینە بەرهەم کە ئەو خەسڵەتە لە ناخیدا دەربهێنین؟ بە کام نەشتەرگەری دەتوانرێت ئەو گورگە لە ناخی مرۆڤەکاندا دەربهێنرێت؟

سبینۆزا دەپرسێت، تۆ بڵێی خودی کۆمەڵ هەڵگری ماسۆشیەت بێت؟

بەڵێ، من دەڵێم بەڵێ، خودی تاکەکان، خێزانەکان، کۆمەڵ، ماسۆشیین، حەز بە ئازاری خۆیان دەکەن، چێژ لە ئازارەکانی خۆیان دەبینن. تۆ تەماشاکە!، هەر ئێستا بچۆرە سەر هاوڵاتی، ئەو هەواڵە بخوێنەروە کە باس لەوە دەکات منداڵێک بۆ ماوەی یەک ساڵ شێری سەگێکی مژییوە، لەبەر ئەوەی خێزانەکەی هەژارە و نەیانتوانییوە خواردنی بۆ بکرن، دایکی لەبەر بەدخۆراکی شیریی نەبوە. من لەو بڕوایەدام کە هەر ئێستا ئەگەر لە ئامریکاوە چەند هەزار دۆلارێک بدرێت بەو خێزانە، ئەو خێزانە

ئەگەر موسڵمان بن، یان ئەگەر گا پەرستبن، لە خواکەیان یان لە گاکەیان دپاڕێنەوە و نزا دکەن کە ئوباما و ئامریکا توشی هیچ قەیرانێک نەبن و خوا، یا گا، دەست بە عومریانەوە بگرێت.

دیسان دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەو خێزانە ڕابکێشم کە منداڵەکەیان لە چەمچەماڵ لە سەرمادا ڕەق بوەوە، هەموو سکاڵاکانی ئەو خێزانە، هەموو ناڵەکانیان پێش ئەوەی ئەوە بگەیەنێت کە جگەرگۆشەکەیان لە دەستداوە و دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردستان بەرپرسیارە لەو کۆستەی ئەوان، قسەکانیان پاڕانەوەی دەگەیانت بۆ لوێچێک دۆلار لە دەسەڵاتەوە بیاندەرێتێ. لە لایەکی تریشەوە پەیامنێر و ڕۆژنامە نووسەکانی تێ ڤێ کانی ئۆپۆزیسوێن دەیانویست نان و پیازێکی پێوە بخۆن و لێرەوە ڕەخنەیەکی سادو ساکار لە دەسەڵات بگرن، لە جیاتی ئەوەی ئەم مەسەلەیە بکەن بە بابەتێکی قوڵ و بە قوڵی باسی ئەو نادادپەروەیی و نا ئینسانییە بکەن کە لە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانیی یەکێتی و پارتییدا بەڕێوە دەچێت.

زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵە دواکەوتوەکان هەر ئەوەندە هوشیارن، ئەوەی کە دەیبینن بە چاو هەر ئەوە لایان گرنگە، ورد نابنەوە، قوڵ ناڕوانن، فراوان نیین لە بیرکردنەوەدا، بۆیە لای ئەوان ژیانی ڕۆژانە و بەس!، ژیانی ئەو ساتەی کە تیاییدان و بەس!، ئەو لوێچە دۆلارەی لای ئامریکاوە، یان لای نوێنەرەکانی ئامریکاوە، وەک دەسەلاتادارەکانی هیند و کوردستان کە بۆیان دەچێت هەر ئەوە دەبینن و دەزانن، ئیتر بیریان بەلای ئەوەدا ناچێت کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکان و ڕەشوڕووتییەکان سیستەمی سەرمایەدارییە. بۆیە من کێشەم لەگەڵ خودی مرۆڤدا بۆ دروست بووە، من پێش ئەوەی بیر لە بەرهەمهێنەری مەینەتییەکان بکەمەوە بیر لەوە دەکەمەوە چۆن دەتوانرێت مرۆڤێک بگۆڕییت کە حەز و ئارەزوی لە چەوساندنەوەیە، کە چێژ لە ڕق و کینە دەبینێت، کە چێژ لە خوێن ڕشتن دەبینێت. کێشەی من ئەوەیە لەگەڵ نووسیەنەکەی بەڕێزت و هەموو ئەو جۆرە نووسین و داواکارییەانەدا کە ناچنە سەر خودی مرۆڤ و کێشەی ناو خودی مرۆڤ.

بۆچی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵە دواکەوتووەکان، ماسۆشیین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم:

لەبەر ئەوەی مرۆڤگەلێک کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژی چەندین هەزار ساڵ ڕاهاتبێت لەگەڵ چەوساندنەوەدا، لەگەڵ مەینەتییدا، لەگەڵ ڕەشوڕوتیی و دەربەدرییدا، لەگەڵ برینی جەستەیدا، لەگەڵ ئازارە دەرونییەکانیدا، لەگەڵ سەدان دەردیسەرییدا، ئەو مرۆڤگەلە دەقیانگرتوە بەو ئازارو مەینەتییەوە، ناتوانن و زەحمەتە لییجیاببنەوە، ڕاستە ڕاپەین دەبێت، پەلامار دەدەن، هێرش دەکەن، شۆڕش دەکەن، خۆپیشاندان دەکەن، بەڵام ئەوە هەر بۆ ئەوەندەیە کە ئاغاکانیان بەزەییەکیان پیایاندا بێتەوە و بڵێن، ئا ببورن ! نەمانزانی فەرموون ئەوەش لوێچێکی تر دۆلار، فەرموون ئەوەش ژەمێکی تر خواردن، ئیتر دادەمرکێنەوە و بە دەم ئازارەکانیانەوە چێژ وەردەگرن، واتە ئەو مرۆڤ گەلە نابن بە شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە کە سەرتاپای ژیانیان بگۆڕن و لە سیستەمێکی حکومڕانیی بێ ڕەوشت و بێ مۆراڵەوە بگەنە سیستەمێک کە لە خۆیانەوە بێت و بۆ خۆیان بێت، بە بێ سەرکردەو بنکردە ناتوانن بژین، ئەمە بووە بە کولتور، تکایە با بزانین کولتور چییە، کولتوری کۆمەڵایەتی، کولتوری دین، کولتوری دەروێشێتی و ئاغایەتی زۆر گرنگە ئیدراکمان هەبێت بۆی و کاری لەسەر بکەین.

مرۆڤەکانی کۆمەڵە دواکەوتوەکان، نەخوێنەوارن، کتێب ناناسن و ناکڕن و نا خوێننەوە، دواکەوتون، سەتحین، زاکیرەیان لاوازە، زوو دەبن بە کۆیلەی سەیارە و پارچە زەویی و دەفتەرە دۆلار و باخ و باخات، پیسوپۆخڵن، ژینگە پارێز نیین، زۆر خۆرن، چەوری خۆرن، دانەکانیان ناشۆن، خۆیان ناشۆن، خۆپەرستن، شەرنگێزن، توڕەن، توندوتیژن، توندرەون، دڵڕەقن، دڵپیسن، نامەدەنین، ڕەگەزپەرستن، خێڵەکیین، مردو پەرستن، کولتور پەرستن، دینیین، تەمەڵن، کولتوری خوێندەوەیان نییە، کولتوری وەرزشوانیان نییە، ڕەنگ ناناسن، بێ زەوقن، ئەتەکێتیان نییە لە کاتی قسەکردن و نانخواردن و سەیارە لێخوڕیندا، بە دەنگی بەرز قسەدەکن و کە دەچنە لای نەخۆش گوێ بە ئارامیی و بێ دەنگیی نادەن، زەنگی تەلەفوونە دەستەییاکنیان گۆرانی ناخۆش و قاسپەی کەو و قوقەی کەڵەشێر و ذکری خوایە، موسیک و گۆرانی و هونەری باش ناناسن، سەرسامن بە دەوڵمەند و پیاو کوژ و دەسەڵاتداری سیاسیی، بە چاوی سوک سەیری ژن دەکەن، لە منداڵ دەدەن، نا مەعریفین، نەزانن، ناسیایین، تا ئێستاش خەڵکێکی زۆر لە کوردستاندا بروایان بە جنۆکە و شەیتان هەیە، چونە سەر مەزاری شێخ و مشایخ و نوشتەکردن و جادوگەریی و تەکێ و شێخ و دەروێشێتی وەک ساڵەکانی چل و پەنجاکان زیندوبوەتەوە، بە ئاشکرا شێخ لە سایت و ڕاگەیاندنەکانەوە ڕایدەگەیەنێت کە چەند کەسێک لە ژێر لێدان و ئەشکەنجەدا مردون لە ژێر دەستیدا کە ویستوییەتی جنۆکەکان لە گیانیان دەربکات، ئەندامی مێینەی کچە منداڵەکان دەشێوێنن و خەتەنەیان دەکەن، لە هەندێک وڵاتدا وەک سۆمالیا و ئەثیوبیا کۆ ئەندامی مێینە دەدورنەوە، لە کوردستانی خۆماندا لە هەندێک دەڤەر و ناوچەدا بە دەگمەن خێزنێک هەبێت کچەکانی خەتنە نەکات، ڕێژەی خەتەنە لە کوردستاندا ترسناکەو گەیشتۆتە لە 60% و لە هەندێک دەڤەر و ناوچەدا زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە، دوو ژن و سێ ژن و چوار ژن هێنان تا ئێستاش باوێتی، پەردەی کچێنێتی لە شەوی یەکەمی زەواجدا حسابی زۆری لەسەر دەکرێت و بووە بە ئابڕو و شەرەفی خێزان و خێڵ، چەندین جار لە ڕۆژانی جەژناندا لە تێ ڤێ کانەوە هاوار دەکەن، ئەوە ئەمڕۆ بە دەیان کەس لەبەر زۆر خواردنی چەوریی و شیرینی گەیەندرانە خەستەخانە!. بە دەیان جار بە کۆمەڵ خەڵک لە شەکراو خواردنەوەکاندا ژەهراویی بوون لەبەر پیسوپۆخڵی خواردن و شیرینییەکان!. بە سەدان کەس توشی کۆڵستڕۆڵ و نەخۆشی دڵ

**و قورحەی گەدە هاتوون لەبەر زۆر خۆریی و چەوریی خۆریی و پیس خۆریی. ئاخر ئەم شتانە دەبێت حساباتی خۆی بۆ بکرێت لە دروستکردنی گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە شۆڕش و خۆپیشاندا و ڕاپەرینەکاندا، لەو بزوتنەوانەی کە بۆ گۆڕینی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دروست دەبێت و دروست بووە. ناکرێت شەرم لە خۆمان و لە کۆمەڵەکەمان بکەین و باسی وردی ئەم مەسەلانە نەکەین. ناکرێت باسی ئەوە نەکەین بۆچی لە شاری سلێمانیدا 62 ڕۆژ خۆپیشاندان دەکرێت بەڵام لە هەولێردا بە قسەی پارتی شایی لۆغان دەکرێت، لێرە خوێن دەرێژرێت لەوێ دەهۆڵ و زورنا دەژنرێت، ناکرێت باسی ئەوە نەکەین چۆن قوتابیان خۆیان کە بە حساب توێژێکی مەعریفیین زانکۆی سەلاحەدین دابخەن بۆ ئەوەی خۆپیشاندان نەکرێت. ناکرێت بترسین لەوەی کە کۆمەڵگا گەندەڵ بووە لەگەڵ دەسەڵاتە گەندەڵەکەیدا تێکئاڵاون و زەواجیان کردوە. ناکرێ شەرم بکەین و باسی ئەوە نەکەین کە ڕۆحی خێڵێتیی و دەڤەرچێتیی لە دەیان ساڵ لەمەوبەر بەهێزترە. ناکرێت باسی دەیان دیوەخانی وەک دیوەخانەکەی ئاغاکەی قەرداخی هەمیشە شۆڕشگێر و فەرهەنگناس و سیاسیی نەکەین، کە دەڵێت: ئیسعافیش دەبێت بە فەرمانی من دەربچێت! مامۆستا دەبیت بە فەرمانی من تعین بێت! و بە فەرمانی من مۆڵەت وەربگرێت و خۆشم لە جیاتی مامۆستا لە قوتابی دەپرسمەوە و هەر خۆشم لە جیاتی بەڕێوەبەر لە مامۆستا دەپرسمەوە، پەروەردە و مامۆستاکانیش کە توێژێکی پەروەردەیی و خوێندەوارن دەستەونەزەر خۆیان و بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەکەیان لە بەردەمییدا دەوەستن و بەڵێ قوربانی بۆ دەکەن!!.. باگراوند و سەپۆرتی هەموو ئەم کارو کردەوانە، ناهوشیاریی و نەخوێندەواریی و پەروەردەیەکی دۆگمایی و سەقەت و دواکەوتوە لە لایەک، لە لایەکی تر هێزی کۆنزەڤاتیزمەکان و دین و دەسەڵاتە تۆتالیتار و دیکتاتۆر و دواکەوتوەکانە بە پشتیوانی و سەپۆرتی کۆمپانیا گەورەکانی سارمایەداریی دەرەکیی وناوەوە لە ڕێگەی حوکومەت و دەسەڵاتە سیاسییەکانیانەوە چ لە دەروە و چ لەناوە ئەم زەوینەیە خۆش دەکەن و برەوی پێدەدەن، تا لەسەر حسابی دواکەوتویی کۆمەڵگا و وڵاتانی سێیەم خۆیا بلەوەڕێن و سەروەت و سامان کەڵەکە بکەن.**

**بۆیە من دەڵێم دەبێت حسابی هەموو ئەم شتانە بکەین لە دروستکردنی هەرچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییدا کە نووسینەکەی زاهیر داوی دەکات، دەبێت کار لەسەر مرۆڤ بکەین و هەوڵ بدەین مرۆڤەکان هوشیار بکەینەوە و مافەکانی خۆیان بناسن و دواتر چۆنیەتی بەرگرییکردن لە مافەکانیان و بەدەستهێنایان.**

**گەلێک شتم هەیە بۆت بنووسم لەسەر ئەم بابەتە، چوونکە بابەتەکە فراوان و قوڵە و چەندین ڕەهەندی لە خۆگرتوە، بەڵام با زیاتر سەری تۆ و سەری خوێنەران نەیەشێنم.**

**جیهاد موحەمەد/نەرویج**